## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (بەرەو پەرلەمانی کوردستان)

## (٢)

وابزانم نەك تەنیا دوارۆژی خۆکاندیدکردن بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان بوو، بگرە تەنیا یەك دوو کاتژمێر بە دەستەوە مابوو. نامەیەکم نووسی و پێشکەشی هەڤاڵ (قادر قادر)ی بەرپرسی لقی (٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، بە روویەکی خۆشەوە پێشوازییان لێکردم، هەر کە گەڕامەوە ماڵەوە، کە ماڵەکەمان لە گەڕەکی (تووی مەلیك) بوو، زەنگێکیان بۆ لێدام، تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، پێیانگوتم: تکایە هەر ئێستا پاش ئەوەی نامەکەتمان بە مەکتەبی سیاسی گەیاند، داوای وێنەیەکی بڕوانامەی زانکۆ و رەگەزنامەی عێراقیتان لێدەکەن، دەست و بردی لێبکە، منیش هەردوو بەڵگەکەم لەبەر دەستا بوو، بردم و پێشکەشم کرد. پاش چەند رۆژێ کە بۆ کارێکی تەلەفزیۆن چوومە (پیرمام) و سەردانی سەرکردایەتیم کرد، هەڤاڵان پیرۆزباییان لێکردم و ئاگادار بووم لەناو لیستەکەدا چوارەمین ناو بووم. وادەی ریکلامی هەڵبژاردن هاتە پێشەوە، ئێمەش وەك تەلەفزیۆنی خۆمان دەستمان بە پەخشی ریکلامکردن کرد لە هەڤاڵ (د. رۆژ شاوەیس)ەوە تا سەرجەمی کاندیدکراوەکان. ئەو شەوەی وادەی ریکلامی خۆم بوو، تەنیا بە چەند وشەیەك خۆم تیادا ناساند، هەرچەندە هەموو کورد منی دەناسی، هەر لەتەك کۆتایی وشەکاندا، زەنگی تەلەفۆن لێی داو، کاکە (نوری وەشتی) بوو، پیرۆزبایی لێکردم. هەر چەند رۆژێکمان خۆش و ئاسایی بوو، بەرە بەرە بارەکە رووی لە گرژی و ئاڵۆزی کرد، درزیان خستە نێوانەکانەوە، ئەوەی لە چیا رووی دەدا، بە هەموان نەدەگەیشت، بەڵام ئەو ناکۆکی و دوژمنایەتییە تەشەنەی کردە نێوان خەڵکەکەوە، خەڵکەکەش



جگە لەوانەی بەسەربەرزی مابوونەوە و سەریان بۆ زەبرو زەنگی رژێم نەوی نەکردبوو، شەرەف و کەرامەتە کوردایەتییەکانیان پاراستبوو. دەنا زۆربەیەك رۆچووبوون، پێشمەرگەش واتە پێشمەرگەی راستەقینە ئەوانەی لەسەر خاکی کوردستان لەبەرەنگاربوونەوەدا بوون، هێندە نەبوون، ئەویش وەك زانرا هێندەی سەرقاڵی بەرەنگاربوونەوەی رژێم بوون، دە ئەوەندە بە رووی یەکدا دەتەقینەوە، دەنا ئەگەر یەك دڵ و یەك خەبات بوونایە، ئەوا دەمێك بوو چۆکیان بە رژێم و بابی رژێم دادابوو. بە داخەوە، ئەو پەتاو درمی ناکۆکییە هەمووانی گرتەوە، ئەوەش کوێرەوەری حیزبایەتی، بۆیە لەدڵەوە بڕوام بە راو بۆچوونەکەی رابەر و رزگارکەری گەلی ئەمریکی (جۆرج واشنتن) کرد، کە بڕوای وابوو حیزبایەتی نەتەوە کەرت کەرت دەکات و دوژمنی سەرسەختی بوونی نەتەوەیە، بۆیە لەسەرەتاوە رێگای بە دروستبوونی حیزب نەدەدا. گرنگترین بایەخ و هێزی شۆڕشی (ئەیلوول)ی مەزن لە بوونی یەك سەرکردایەتی و یەك دڵیدابوو، دەڵێن: (کوێخا زۆر بوو، گوند وێران بوو)، بەش بە حاڵی خۆم بۆ دیموکراتییەت تێدەکۆشم و پەروەردەی پارتێکی دیموکراتی پەروەرم، ئەو پارتەی بۆ ئەو ئایندە جوانە خەبات دەکات کە لە سای کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا خەونەکانی نەتەوە بێنێتەدی. کاتی خۆی ناحەقی نەبوو (ئەیسن)ی نەرویجی، داهێنەری شانۆی (ریالیزم)ی، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و لە شانۆی (دوژمنی گەل) لەسەر زاری (دکتۆر ستۆکمان) پاڵەوانی شانۆییەکە دەڵێ: «من لەگەڵ ئەو دیموکراتییەتە نیم کە زۆربەیەکی نەزان لەخۆ بگرێ، بەپێچەوانەوە لەگەڵ کەمایەتییەکی ژیر و هۆشمەندم.»

دیارە دیموکراتییەت وادەی خۆی هەیە، بۆیە لەو شانۆیەدا زۆر بە دژی راو بۆچوونی (دکتۆر ستوکمان) دەوەستنەوە، کە ژەهراوی بوونی گەرماوەکان دەسەلمێنێ، واتە هەر شتەو بە وادەی خۆی، هەر شتەو رێخۆشکەری خۆیشی گەرەکە، شۆڕش، بەر لە چەك و سەرجەم ستراتیژیەتەکان، پێویستی بە هۆشیاری شۆڕشگێڕی هەیە، ئەو هۆشیارییەش پێویستی بە رەوشتی شۆڕشگێڕی و دەستنیشانکردنی

# ئەحمەد سالار

## تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

هۆیەکانی گەیشتن بە ئاوات لەسەر بنەمای فەلسەفەی شۆڕشگێڕی هەیە، بۆ ئەم لایەنەش دەبێ ڕەچاوی گشت ڕووداوێ بکرێ، چونکە شۆڕش جەنگی هێرش و پاشەکشەی نییە، دەبێ پێویستت بە کۆمەکی وڵاتانی نەیارت نەبێ، دەنا دەستەمۆ دەبیت و مەبەستەکەت لە دەست دەدەیت. کەواتە نابێ پشت بەو قووڵاییە ستراتیژیەتە ببەستێ کە هی خۆت نییە. ئەوا ئێمە لە گەرمەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بووین، ڕۆژانە هەڕەشەی کوشتن لە بێژەر و کارمەندانی کەناڵەکەمان دەکرا. لێرەدا حەزدەکەم ئەو سەربوردەیە بهێنمەوە یاد. کاتێ لەو ڕۆژانەدا سەرقاڵی فلیمی سینەمایی (شیرۆ) بووین، کە لە دەرهێنانی هونەرمەند (هونەر سەلیم) بوو، گروپی کارەکەی ئیتاڵی بوون، ئەوان لە ئوتێلی (ئەبو سەنا) بوون، منیش لە گەڵیانا باسمان لە کارنامەی ڕۆژی دوایی دەکرد، کاتژمێر (١٠)ی شەو بوو، لە پرسگەی ئوتێلەکەوە بۆ تەلەفۆنکردن بانگیان کردم، بەقوربانە نەییتەوە ماڵێ، ژنانی گەڕەك پێیان زایبوو، کە لە کەلاوەکەی سەروو کۆڵانەکەمان کەمینێکیان بۆ ناویتەوە، ئێمەش تەلەفۆنمان بۆ هێزی هاوبەش کرد، هاتن و بردیان و چەکی (B.K.C)یان دابەستبوو، چوار پێنج گەنجیان سەرخۆش کردبوو، بۆ ئەوەی دەستڕێژ لە هەمووان بکەن، دانیان بە تاوانکارییەکەیاندا نا. پاش ئارامبوونەوەی بارەکە گەڕامەوە ئەو بەڵگەنامەی دانپیادانانەم وەرگرت، ئەوەی سەرپەرشتی دەکردن (ع)ی ناو بوو،پاش چوار ڕۆژ کاندیدکراوەکانی (پارتی) بۆ هەولێر بانگکراین و لە بارەگای لقی (٢) بەڕێز جەنابی سەرۆك بارزانی ئامادە بوو، پاشان باس هاتە سەر دزێوە دیاردەو دەستدرێژی، تاوەکو لە کۆبوونەوەکان بە ڕوویاندا بدەینەوە، ئەوسا ناچارمام بەڵگەکەی تەنکەی باخەڵم دەرهێناو بردمە خزمەتیان و سەراپای پیلانەکەم بەیان کرد. هەر لەو ڕۆژانەدا بوو بەسەر وێنەگرەکانەوە گەڕان هەر یەکێ وێنەی منی دانابووبێ، بە هەڕەشەلێکردنەوە پێیان لادابوو. یەکێ لەو ستۆدیۆ فۆتۆگرافیانە ستۆدیۆی (فەتحی) بوو، دڵی نەهاتبوو وێنەکەم لابدات، ناچار قفڵێکی لەو جامخانەیە دابوو، هەتا ئەو ڕۆژەی ستۆدیۆکەی نەما، هەر بەو شێوەیە مابوویەوە. خۆیشم سەرم سوڕمابوو، ئایە بۆچی ئەم دوژمنایەتییەی من دەکەن؟! هەر لەبەر پارتی بوونم! ئایە ئەمە ڕەوایە؟ ئەوەی یەك تۆزقاڵ ویژدانی هەبووبێ، دەبێ ئەوەی لەبەرچاوبووبێ، ڕۆژانێ بوو، واتە لە کۆتایی هەشتاکاندا، پاش کیماباران و ئەنفال. تەنیا شانۆیەکی پێشمەرگە، کە هەر تفەنگەکەی سەروخوار نەکردو، هەر سوار و لەسەر پێ بوو لە قەرە واڵەشییەوە تەنیا نیشانەی دوژمنە سەرەکییەکەی نەتەوەکەمان بوو، ئەو بەرهەمانەم گەواهی ڕاستبێژو هەمیشە زیندوون. هەر لەسەر هەمان بابەت، لە کاتی شەڕی خۆکوشتندا، شاندێکی هاوبەشی پەرلەمانی هاتینە سلێمانی، سەردانی هەڵەبجەمان کرد و گەڕاینەوە لە ئوتێل بووین، (شەهید کاکە شەوکەت حاجی موشیر) سەردانی کردم و وتی: جەنابی (کاك جەبار فەرمان) دەیەوێت سەردانت بکات. منیش وتم: نەخێر من خۆم دەچمە دیداری، ئەوە بوو ئۆتۆمبێلەکەی پارێزگاری سلێمانی (کاك سالار عەزیز)یان بۆ هێنام، کە گەیشتینە بارەگاکەی خوالێخۆشبوو (کاك جەبار فەرمان) کە لە شوێنی بارەگای (لقی ٤)ی پارتیدابوو، بە سڵاوی شەرەفی سەربازی و بە پێشوازی (کاك جەبار فەرمان) زۆر بە گەرمی و بە ڕێزەوە بەخێرهاتنیان لێکردم، خوالێخۆشبوو منی پێش خۆی دا، پاشان بە کامیرای فۆتۆگراف و ڤیدیۆ، دەیان وێنەی دووقۆڵییان گرتین، منیش وتم: ئەرێ قوربان ئەوە خێرە؟ وەرامی دامەوە: چی لەگەڵ ئەو خەڵکە بێویژدان و خودانەناسانەدا دەکرێ، هەزار و یەك پڕوپاگەندە و بوختانی هەڵبەستراویان بۆ کردووم، گوایە من، ئەحمەد سالارو ماڵ و منداڵیم کوشتووە، ئیتر هەزار گازەندەم لە دەرەوە هاتۆتە سەر، بۆیە دەبێ ئەو وێنانە بە دونیادا بڵاوبکەمەوە، دڵنیابە من هەرگیز دەستم ناچێتە وەرزشوان و هونەرمەندان. دڵنیاشم ئەوانە پارتی نین، بەڵکو پۆخڵەواتەکانی ڕژێمن.

پاشان بۆ گەڕاندنەوەشم بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆی گەیاندمیەوە ئوتێلەکە. کەواتە خوا ئەوانە بگرێ کە کاریان گێرەشێوێنییە و شەڕەنگێزن و دەستیان لە بەرۆکی ئەم گەلە نابێتەوە.

**پێشمەرگەش واتە پێشمەرگەی ڕاستەقینە ئەوانەی لەسەر خاکی کوردستان لەبەرەنگاربوونەوەدا بوون، هێندە نەبوون، ئەویش وەک زانرا هێندەی سەرقاڵی بەرەنگاربوونەوەی ڕژێم بوون، دە ئەوەندە بە ڕووی یەکدا دەتەقینەوە، دەنا ئەگەر یەک دڵ و یەک خەبات بوونایە، ئەوا دەمێک بوو چۆکیان بە ڕژێم و بابی ڕژێم دادابوو**

**خۆیشم سەرم سوڕمابوو، ئایە بۆچی ئەم دوژمنایەتییەی من دەکەن؟! هەر لەبەر پارتی بوونم! ئایە ئەمە ڕەوایە؟ ئەوەی یەک تۆزقاڵ ویژدانی هەبووبێ، دەبێ ئەوەی لەبەرچاوبووبێ، ڕۆژانێ بوو، واتە لە کۆتایی هەشتاکاندا، پاش کیمابaran و ئەنفال. تەنیا شانۆیەکی پێشمەرگە، کە هەر تفەنگەکەی سەروخوار نەکردو، هەر سوار و لەسەر پێ بوو لە قەرە واڵەشییەوە تەنیا نیشانەی دوژمنە سەرەکییەکەی نەتەوەکەمان بوو، ئەو بەرهەمانەم گەواهی ڕاستبێژو هەمیشە زیندوون**



# شوکوڵاتە چی بە نەوال کردووە؟

خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی نەوال ئەلزوغبی رایگەیاند ئەو تەمەنێکی زۆری لەگەڵ داپیر و باپیری بەسەر بردووە و تا دەمرێت ئەو ساتە خۆشانە لە یاد ناکات، چونکە زۆریان خوشدەویست، بەڵام لە زۆر رووەوە جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا هەبوو ئەمەش لە مامەڵە کردن لەگەڵ زۆر بە باشی رەنگی دابۆوە.

نەوال لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ کەناڵی دی ئیّم سی وتی: داپیرە و باپیرەم زۆر جیاواز بوون، داپیرم زۆر رەزیل بوو، کاتێك باپیرم شوکولاتەی دەهێنایەوە ماڵەوە، ئەویش لە سندوقێکدا هەڵی دەگرت و بە کلیك زۆر بە توندی دایدەخست بۆ ئەوەی کەس نەیخوات، بەڵام من زۆر دوای هەنگاوەکانی داپیرم دەکەوتم و دەمزانی کلیلەکە لە کوێ هەڵدەگرت، بۆیە دەچووم سندوقەکەم دەکردەوە گشن شوکولاتەکانم دەبرد و کاتێکیش دەگەڕایەوە دەیبینی کە هیچی تێدا نەماوە، بەڵام قسەی نەدەکرد.

دەربارەی جوانییەکەی خۆیشی نەوال وتی: بەر لە زۆربەی ئاهەنگەکان خۆم مکیاژ دەکەم و گرنگییەکی زۆریش بە جلوبەرگ دەدەم، بەر لە ٢١ ساڵ من یەکەم خانمە گۆرانیبێژ بووم کە لە ئاهەنگەکاندا جێز لەبەر بکەم.

# نۆرجول گرنگی زۆر بە ستایلی جلوبەرگ دەدات



زۆر لە هونەرمەندان سەرسامن بە کەلتوور و دابونەریتی گەلانی دیکە، بۆیە لە زۆربەی بۆنە و یادەکان جلوبەرگی ئەو میللەت و وڵاتانە دەپۆشن کە خۆشیان دەوێن، تەنانەت گەیشتە ئەو رادەیەی هەندێك لەو هونەرمەندانە بەوە ناسراون کە خۆشەویستییان بۆ میللەتێکی دیاریکراو بێ سنوورە.
نۆرگول یەشیلجای خانمە ئەکتەری ناوداری تورکی لە یەکێك لە بۆنە تایبەتەکان بە لۆکێکی ژاپۆنی سەرنجڕاکێش و جوان دەرکەوت، ئەمەش وای لێکرد هەوادارانی وێنەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بڵاوی بکەنەوە لەهەمان کاتدا خۆشحاڵی خۆیان بەم هەنگاوە دەربڕی، دوای بڵاوبوونەوەی وێنەکان هەندێك لە هەوادارانی پێیانوابوو ئەم وێنەیە تایبەتە بە وێنەگرتنی دیمەنێکی دیاریکراوی کارێکی هونەری، بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجی راکێشان جوانیی جلوبەرگە و ئەو برە زۆرەی مکیاژە بوو کە بەکاری هێنابوو.



# عایشا بە نەشتەرگەری ناشیرینتر بووە

هەوادارانی خانمە ئەکتەر و ئەستێرەی بۆڵیۆد عایشا تاکیا تووشی شۆك بوون کاتێك چەند وێنەیەکیان بینی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبوونەوە، هەندێکیان پێی سەرسام بوون و هەندێکی دیکەش دوودڵ بوون لەوەی ئایا ئەم ئەستێرەیە نەشتەرگەری جوانکاری ئەنجامداوە.
لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە دەیان پۆست و کۆمێنت دەربارەی وێنەکانی بڵاوکرانەوە کە باسیان لە گەورەکردنی لێو و روومەتی دەکرد، بەتایبەتی کاتێك لە ئاهەنگێکی تایبەتدا دەرکەوت، یەکێك لە هەوادارانی بە گاڵتە ئامێزەوە نووسیبووی: عایشا تاکیا پێدەچێت مێردەکات و پارەی زۆر بێت و نەزانێ چۆن خەرجی دەکات، هەندێکی دیکەش لەگەڵ کیم کارداشیان و کایلی جینر بەراوردیان کرد.
لە بەرامبەردا عایشای تەمەن ٣٠ ساڵ رایگەیاند کە لە رێگای ئەنستگرامەوە وەڵامی ئەو هەواڵانە دەداتەوە، شایەنی باسە دوایین کاری عایشا لە شاشەی تەلەفزیۆن فیلمی (Paathshala) لەگەڵ شاهید کاپور لە ساڵی ٢٠١٠ بوو.

## لیمۆ هەورامی:

# هونەر پێویستە لە شوێنی راستەقینەی خۆیدا بێت

**لیمۆ هەورامی یەکێکە لە خاتوونە گۆرانیبێژەکانی ناوچەی هەورامان کە ئێستا لە تاراوگە نیشتەجێیە لە وڵاتی کەنەدا، ماوەی چەند ساڵێکە دەستی بەکاری گۆرانی گوتن کردووە و خاوەن ژمارەیەك گۆرانییە کە بەشێکیان بە کلیپ بڵاوکردۆتەوە، ئەگەرچی وەك خۆی دەڵێ سەختی ژیان و دابونەریت و چەند هۆکارێکی دیکە وایان لێکردووە درەنگ بێتە نێو بوارەکەوە، بەڵام خۆشەویستیی بۆ هونەر بێ سنوورە بۆیە بەردەوام دەبێت بەم دواییەش چەندین گۆرانی تۆمار کردووە کە دواییینیان گۆرانییەکی تایبەت بوو بۆ منداڵان.**



لیمۆ هەورامی دەربارەی بەرهەمەکانی و دەستپێکردنی کاری هونەری دەڵێ:

-ئێستا خاوەنی زیاتر لە ١٠ کلیپم  کە دواییینیان گۆرانییەکی تایبەت بوو بە منداڵان هەوڵ دەدەم هەموو گۆرانییەکانم کۆ بکەمەوە بۆ ئەوەی وەك سیدییەك بڵاوی بکەمەوە، من چەندین ساڵە لە تاراوگە دەژیم و کاری هونەریش لە دەرەوە زۆر سەختە و ئەرك و ماندووبوونێکی زۆری دەوێ ئەمەش گرفتی زۆری بۆ درووستکردووم. هەر لە منداڵییەوە حەزم لە گۆرانی و موزیك بوو لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت نەمتوانی زوو دەست بەکاری هونەری بکەم، ئاستەنگەکانی ژیان رێگر بوون لەوەی لە تەمەنێکی زوودا بێمە نێو جیهانی گۆرانی و خزمەت بە هونەری هەورامان بکەم و لەو رێگایەشەوە خزمەت بە هونەری کوردی بکەم دەست بە گۆرانی وتن بکەم.

دەربارەی خۆشەویستیی بۆ هونەر لیمۆ دەڵێ: وەك باسم کرد هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی گۆرانی وتنم هەبوو زۆریش هەوڵمدا، بەڵام ئاستەنگەکانی ژیان زۆر لە من گەورەتر بوون، سەرەڕای ئەوەش کۆڵم نەدا و لە هەوڵەکانم بەردەوام بووم و دەستم بە کاری هونەری کرد، هەرچەندە درکم بەوە دەکرد کە ئاستەنگەکانی بەردەمم زۆرن لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە، چونکە تەنیا پەیدا کردنی بژێوی ژیان لە غەریبیدا کارێکی سەختە بەتایبەتی بۆ ئافرەتان، چ جای تۆ بچی و کاری هونەری بکەی و لە بەرامبەریشدا هیچ وەرنەگری ئەگەر تەنیا دەستخۆشییەك و بەس لە کاتێکدا هونەر ماندووبوون و خەرجی زۆری دەوێ، بۆ نموونە بۆ تۆمار کردنی تەنیا کلیپێك پێویستە بچم بۆ ئەوروپا یان بێم بۆ کوردستان، لە کاتی بڵاوکردنەوەی کلیپەکەش کەسێك نەك قازانج بەڵکو پارەی کلیپەکەشت بۆ ناگەڕێننەوە تەنانە رەنگە کلیپەکەشت پەخش نەکەن، بەڵام خۆشەویستیم بۆ هونەر وام لێدەکات تا ئەو کاتەی هێز لە لەشمدا هەبێت و بتوانم ئەوا بەردەوام دەبم.



هونەری ناوچەی هەورامان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام ئێستا کەسانێك دەڵێن ئەو هونەرە شێوێنراوە و بە شێوەیەکی ناگونجا دەستکاری کراوە، لەو بارەوە خاتوو لیمۆ دەڵێ:

- هەر ناوچەیەك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە بۆ ئەوەی هونەر لەسەر فەرهەنگ و کەلتوور و شێوازی خۆیدا بمینێتیەوە، پێویستە لە شوێنی راستەقینەی خۆیدا بێت، ناوچەی هەورامانیش هونەری تایبەتمەندی خۆی هەیە، بە هەمان شێوەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان کەوتۆتە ژێر کاریگەری هونەر و کەلتووری دەرەکی، لە هەمان کاتدا کەسانێك هەن بوونەتە شێواندنی هونەری رەسەنی هەورامان، موزیك یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەم شێواندنە، چونکە زۆربەی گۆرانییە هەورامییەکان لەسەر بەیات دەوترێن و زۆر بە کەمی شێوازەکەی دەگۆڕن، کەچی ئێستا هاتوون شێوازی دیکەی لەگەڵ تێکەڵ دەکەن و من بۆ خۆم ئەم کارەم کردووە و پێویستە سەرەتا رەخنە لە خۆم بگرم، پێویستە تێکستی گۆرانییە هەورامییەکان تەواو هەورامی بێت نەك تێکەڵ.

سەبارەت بە بوونی ئافرەت لە نێو هونەرمەندانی دەڤەری هەورامان لیمۆ دەڵێ: هەرچەندە من هەورامیم و قورگی من زیاتر بۆ گۆرانی هەورامی باشترە لە سۆرانی، بەڵام بە زاراوەکانی تریش گۆرانیم وتووە بەتایبەتی، بەڵام لەبەر ئەوەی لە نێو هەوراماندا ئافرەتانی هونەرمەند ژمارەیان وەکو پێویست نییە، بۆیە زۆر جار هەورامییەکان داوام لێدەکەن تەنیا بە زاراوەی هەورامی گۆرانی بڵێم. دیارە زۆر کچی دەنگخۆش لە هەوراماندا هەن، بەڵام هۆکاری کۆمەڵایەتی و نەبوونی ناوەندی ئەکادیمی لەو دەرڤەرە رێگر و بەربەست لەبەردەم دەرکەوتنی کچانی هونەرمەند لە دەڤەرەکە وای کردووە کچ لە دەڤەری هەورامان کەمتر دەربکەوێت، بۆیە من داوا لەو کچە هەورامییانە دەکەم کە دەنگیان خۆشە با بێنە نێو بواری هونەری و هەمیشە خۆیان بە دابونەریتەوە نەبەستنەوە.